# ڕیالیزمی دیموکراتی

گۆڕینی: سەباح یاسن

سالّی پار لە سلیمانی ئەم وەرگێراوەم وەك نامیلکەیەك بلّاو کردوە تا ئەوانەی کە لە گۆڕپانی ڕامیاری تێکشکاوی کوردیدان دەست و ئەژنۆ گوێگرن و پیادەی سیاسەتی خۆ تێرکردن و بەجێگەیەنەری رامیاری لابەلا بەرێوەبەرایەتی بوش و سعودن دەکەن، بەبێ ئاگایی یان بەئاگاداریەوە بە ئاگابن لەوەی کە رامیاری بەجێگەیاندە بێلەوەی هونەرە، مرۆڤیکی زۆری دونیاش لا بەجێگەیاندی رامیاری دەگەن.

ئەمریکا دەلّەتێکی دەزگایەو و سەرکردەکانی گەرچی هەولّی مناوەری دبلوملسی دەدەن بۆ گیرفان و بەجێگەیاندی بوچوونەکانیان ئادیالانە یان ریالیشتانە، لە سەر وی دەزگا دادی کۆمەلّایەتیەوەنین و گەر مەبەستیان بەرژەوندی گشتی بێت ئەوا هەولی بەشدارگردنی کۆمەلّکەیان دەدەن. خۆ گەر بەتەمای کاسەلێسش بنە ئەوا ترسنۆکانە لەپشتی دەیان پەردەشەوە بێت بۆ خۆشیان درۆ دەکەن.

ئەم نوسراوەش کە دیخوینیتەوە بێلەوەی راڤەکردنی شێوازی بیرکردنەوە چارلس کراوتهامەر دەردەخا هەولّێکە بۆ رازیکردی ئەندامەکانی پاتی کونسیرڤەتیڤەوە و مرۆڤ ئەمەریکی و جۆریکە لە بەشدارکردنیان لە مەبەستی عیراق داگیرکردن، بەوەی داگیرکردنە نەك تەنها لە سودی ئەوانە بەلّکو لە سودی کومەلّگای مرۆڤایەتی و داهاتووی مرۆڤایەتیشە بە گشتی.

ئیستا کە ئەم نوسراوە بۆجارێکی تر لەسەر سایدی کوردی بلّاوی دەکەمەوە، ئاشکر هاوار دەکەم نەگیرفانی رەشە جەنجەر نە زورداری سەدام دادی و یارمەتی داهاتووی مندالّەکانی نەدا. بۆچی؟ مرۆڤ گەر نەوێری خۆی بۆخ وەك تاك، گروپ، ڕێخراوی رمیاری، دەولّەت هەل نەسەنگێنیت و پێشبینی رەوتی خۆ نەگات ناتوانێت نە زانیاری لەسەر خوی لا دروستبێت نە چالاکانەش ژیان بکات. رەشەجەنجەر کە دەولامەنێکی ناوداری سلیمانی بوو، ئیستا کورەکەی وەك تلیاك خوری لە کوّلّانەکانی سلیمان گوزەران دەکات، سەدمیش بە هەردوو دیوەکەیدا باری ژیانی پڕ بە دونیا هاوار دەکات.

پێشنیاری من بۆ کوردەکانی دەرەوەی کوردستان ئەوەیە کە گروپی گوشار گۆمەلّایەتی پێکبهێنن لە جێ چاوەرانی خودا رەحمکات. چونکە کولتوری رامیار کە بەتەمەن هەرزەکارەیکی شانزەسالّ، خوی پێناسەی نەکردوە و لاساریشە هەر ئەو

دەكات كـە منـدالی كردویـەتی و فەخریشـی پێـوە دەكـات. مـرۆڤ گـەر تـا ئـەو تەمەنـە نەتوانێت خودی هەلسەنگێنیت ئاستەمە بتوانێـت خـۆی پیناسـەكات و مالێـك وەك مـالێ ئاوەدانكاو چاو لە داهاتووی مندالی هەبێت. ئەم دەردە كە لەرەشـە جـەنرو سـەداماوە كەوتووتـەوە ، بەراسـتی زامەكـەی كـۆنترەوە و تـا ئیسـتا راسـتگویانە گولتـوری خـۆ هەلسەنگاندن دەزگایەكی نیـە و ئاستەمیشـە بـەم بـارەوە و بـەو جـوری قوماربازانـەش بێتـە ئـاراوە، هـەر بۆیـە بـڕوا دەگـەم كـە كوردەكـانی دەرەوەی ولات دەتـوانن لـە رێ گوشارەوە زانیاری مانای چالاكی بدەنێ تا رابەران هەرزەكارنە بیر نەكەنەوە.

نوسەری ئەم نوسراوە(چارلس كراوتهامـەر) ، یەكێكـە لەبیركـەرەوە گـەورەكانی پـارتی كونسەرڤەتیڤی ئەمەریكی، ئەو بەم جـۆرەر رێبـازی و بوچـوونی پارتەكـەی بـۆ مرۆڤـی ئەمـەریكی بـەیان دەكـات، جـا تـوش چـۆن لـەو لـە بیركارەكـانی خـۆ چـیی چـاوەرێ دەكەیت، پرسیارێكە.؟

صباح یاسین

## ڕامیاری دەرەكی ئەمەریكا لە دونیای تاك جەمسەردا

## ڕیالیزمی دیموكراتی

## چارلس كراوتهامەر

### دەستەلات لە دونیایەكی تاك جەمسەریدا

توڕەیی ئەمریكییەكان لەمەڕ ڕامیاری دەرەوە ولاتەكەیان، توڕەییەكی ساغە، ئەم هەستەیان لە دەستنەگرتنی دەوڵەتەوە بەسەر سامانی ولاتەوە سەرچاوەیگرتووە. بەلام لەمڕۆدا، چ ئەمەریكیەك هەیە كە پێویستی بەو جۆرە ئابووریە هەبێت؟

دوو ئۆقیانووس ئەمەریكا لە پەلاماری دەركی دەپارێزت. كیشوەری ئەمەریكا سەرو لە بەینی دوو دراوسێدا بەشكراوە. هەردوكیان دوو هاوڕێی چاكن, یەكێكیان تا ئەو رادەیە دۆستە كە دەخوازێت لەگەڵماندا یەك ماڵبێت.

لەچەرخی بیستەمدا، لە ژێر كاریگەری سێ مرۆڤی مەزندا، لە سێ جەنگی گەورەدا بەشداربووین. ویلسن لە جەنگی جیهانی یەكەمدا، رۆزڤێلت لە جەنگی جیهانی دوهەمدا، ترومان بۆ ناو شەڕی ساردی ڕاكێشاین كە بەداڕوخانێكی مێژووی گەورەی كتوپر، بێشۆڕش, بێكۆنگرەی بەستن تێدا خولڤا. كۆتایی بە دەستەلاتی سۆفیەت هات.

دەستەڵاتی سۆفیەت بەدوا  ئەو کوتایەدا، بێتەقە دەست بەرداری گەمەی ڕأمیاری بوو. هەموو شتێك لە دوای ئەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوە, کۆمەنیست, سۆسیالیست, شەڕی سارد و ترسی ئەوروپا لەشەڕ و بەیکدادان کۆتایی هات. دیارە هەموو کۆتاییك، سەرەتایەکی تری  سەرهەڵدانیکە.

لە 26 دیسەمبەری ساڵی 1991 دا، دەوڵەتی یەکگرتووی سۆفیەت مرد، لە جیهاندا شتێکی نویێ تەواو جیاوز لە دایکبوو، کە بە تاکجەمسەری دەستەڵات ناو دەبرێ.  ئەم جەمسەری دەستەڵاتە زلهێزە کە تاکە لە ئیشيٍ و کاریدا و بێنەیارە هەڵدەسوڕێت، دەستی بەهەموو قوژبنی جیهان دەگات، بێئەوەی کەس چاودێری کارەکانی بێت.

لە مێژوو جیهانی دەستەڵاتدا،  ئەم گەشەیە سەرسوڕهێنەرە و جیێ سەرنجە و لێکۆڵینەوەیە. چونکە لە دوای کەوتنی ڕۆماوە شتی لەم جۆرە ڕووی نەداوە. تائیستا ئێمە نازانین چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم توانایەدا بکەین.  هەر بۆیە، لە یەکەم چرکەی کاردانەوەماندا, لە داوی ساڵی  1990 دا, واق وڕمان بوو، پاسان ئەبڵەق بووین. لەوەبەر، پاوڵ کەنەدی نووسەر،لە نوسینەکانیدا بەبەر بڵاوی باسی لەداڕوخاندنی دەستەڵاتی ئەمەریکای دەکرد. بەڵام، کاتێك کە لە دوورای 8000 میلەوە، لەسەر شاشەی تەلەفیزۆنەوە ئەو ئەمەریکا بینی کە چۆن شەڕی ئەفگان دەکات، ئەوسا تێگەیشت, کە دەبێ بەبۆچوونەکانی خۆیدا بچێتەوە.

هەر بۆیە  لە دوایدا نووسی: هیچ هێزێك لەمەو بەر، بەم شێوەیە نەجەنگاوەو هیچ نەتەوەیەکیش تا ئێستا بەم شێوە ڕەفتاری نەکردوە، گەر سەیری مێژووش کەین، دەبینین, ئیمپراتۆریەتی شارڵمان کە ئیمپراتوریەتێکی خۆر ئاوایی بووە دەستەڵاتی لە ئەوروپا تێنەپەڕاند. ئیمپراتۆریەتی ڕۆماش کەمێك فراوان تر بووە. فارسەکانیش توانیان ئیمپراتۆریەتێکی بەر فراوانتر لەوان چێبکەن. چینیەکانیش ئیمپراتۆریەتێکی لەوان فراوان تریا دامەزراندبوو.

ئاشکرایە، هیچ  یەکێك لەوانە دەستەڵاتیان بەڕادەیە ئەمەریکا بەرفراوان نەبووە. بۆیە, لەم ڕۆژەدا، تەنانەت ڕۆماش مۆدێل نییە تا بەدەستەڵاتی ئەمەریکا بەراوردکرێت.

یەك _ لەبەر ئەوەی ئێمەکلتوری  ئیمپراتۆریەتی ڕۆمامان نیە.  ئێمە کۆماری ئەسینانین و لە ڕووی یاسایشەوە لەوان  دیموکراتین، مێژووی ئاشکرای ئەوەی دەگات. ئەمەریکا لەم سەردمەدا، بەر چاوترین و گەورەترین ئیمپراتۆریەتی پێکهێناوە. ئەمەریکا گونجاو  ترە بەبەراود لەو حاڵەتە گرژیە، بێ ئاگایەی، کە ئیمپراتۆریەتەی بەریتانیا  لەو بەر ڕووبەرووی بووبووەوە. ئەوسا ئەوروپا بەگشتی، بە بارێکی کرژی و

بێئاگای گەشەیدەکرد. ئەو بێ ئاگای ئەوروپا بووە هۆی کەوتنەوەی شەڕی خۆکوژەیەکانی سەدە بیست کە بەمردنی دەستەڵاتی ڕامیاری و ئابووری ئاسیایی ئەوروپی کۆتای پێهات.

دووهەم _ ئێمە وەك رۆمەکان, ئینگلیزەکان, فەرەنسی و ئیسسپانیەکان نین، لە ئیمپراتۆرە کلاسکییەکانی سەردەمیش جوودا دەکرێنەوە. چونکە ئێمە بەدوای داگیرکردنی ئەرزدا ناگەڕێین. هەر بۆیە، بەکار بردنی ووشەی ئیمپڕاتۆریەت لەزاراوی ئەمەریکیدا جێی گاڵتە جاڕییە. کاتێك، ئێمە دەست بەسەر جێگەیەکدا دەگرین، ستراتیژیی بەجێهێشتن دادەڕیژین، نەك وەك رۆمانەکان کە فرانسایان داگیر کرد یان ئینگلیزەکان هیندوستانیان بە نیازی مانەوە داگیرکرد.

لەفیلمی دیڤد لێن کە ناوی (لۆرانسی عەرەبستان) مەلیك فەیسەڵ بە لۆرەنس دەڵێت: بڕوا دەکەم کە تۆ وەك ئینگلیزێکی تر، بیابانت خۆشدەوێت...... چونکە ئینگلیزەکان حەز لەجێگەی چۆڵکراو دەکەن. ئەو لێدوانە ئەو راستە، چونکە ئەوروپیەکان بۆ زیاتر لە پینج سەدساڵ دەچێ کە شەیدای بیابان و بێشە و زەریاو کیشوەری نوێن کە بۆی بچن.

ئەمریکییەکان حەز ناکەن لە وڵاتی تر بژین، حەز لە خواردنی مەکدۆناڵ و یاری فتبۆڵی خۆمالیی دەکەن، گوێ لەگۆرانیەکانی رۆکان رۆل دەگرن، گەشت بۆ شیو دۆڵەکانی گران کانین و گرەیسی لاندمان دەکەن. ئێمە خاوەنی دۆڵی سەلیکۆن و قەراخەکانی دەریایی خوارووین، گەر ئەو جێگایانە بۆ ئێمە بەس نەبێ، ئەوا بۆ شاری ڕەوشنایی ڤێگەس دەچین، کە هەموو جۆرە شتێکی تێدایە. ئەمانە بۆ ئێمە دەقاو دەق، هەموو شتێکن، کە بەراستی پێویستمان پێدەبێت. ئێمە حەز بەچون بۆ وڵاتی گەرم و عەجیب ناکەین، نامانەوی فێری زمانێکی تر ببین. هەروەها، بێزەوق و تۆرەنین لە خومان و لە دونیا. تەنانەت، نازانین بێزەوقیو توڕەیی چی دەگەێنێ. ئێمە حەز بەگەنمەشامی ئایەوە و باسترمەی نێورك دەکەین, گەر حەز لەخواردنی چینی یا هیندی یان ئیتالی بکەبن، ئەوا داوای دەکەین، لەشکرکێشی بۆ سەریان ناکەین.

ئێمە هێزی داگیرکەر نین، کۆماری بازرگانین و لە رێ ئاڵوگۆڕی ئالاَو والآوە پێوستیەکانمان بەدەست دەهێنین. ئەم بارەی ئێستا، بارێکی تایبەتە کە پێدا تێدەپەڕین. لەمرۆژگارەدا, ئێمە ڕۆڵی گیان لەبەری دوورەگ دەبینین. لەلایەك کۆماری بازرگانین، لەلایەکی تر بەدەستەلآترین هێزین کە مێژووی جیهان ڕۆڵی چاودێری سیستەمی جیهانی پێسپاردوین. هەر بۆیە، لەکاتی نەهامەتی دونیادا، لەخۆرهەلآتی

تەیمورەوە تا ئەفگانستان و عێراق، لاێبیریا , عارب و اسرائیل , ئایلەند و ئینگلیز, کوریا سەروخوارو چاوەڕێ دەنگ وکرداری ئێمە دەکەن.

ئێمە ئەمەین کە هەین و لەبەردەمی ئەم بارەدا کە مێژووی جیهان خولّقاندویەتی.

ئێستا، پرسیارەکە ئەمەیە، ئێمە چی بکەین؟ تاکە جەمسەری دەستەڵاتی جیهانی دەبێ چی بکات؟

## دوورەوپەرێزکان (ئایسولەیشنیزم)

کۆنترینو شکۆدارترین وەڵامی دوورەپەرێزەکان ئەوەیە کە ماڵ و باری خۆت بپێچەرەوە و دورەوپەرێز ڕاوەستە. ئەم بۆ چوونە کە ناو دەبرێ بەدابڕاو، لەلایەن هەموو ئەو قوتابخانانەوە کە لەڕامیاری دەرەوەی وڵات دەدوێن . ئەم بوچوونە کونترین و ڕەسەنترین شێوازە بیرکردنەوەی ئەمەریکیەکان بووە, ئەوەش جێ سەرسوڕمانیە کە وەها بووە, چونکە ئەمەریکا وەك کیشوەرێك دوو دەریای مەزن لەدونیایی دایبڕیوە.

لەسەرەتادا بیرۆکەی دوورەپەریز لە دابڕانی ئەمەریکیەکان لە ئەوروپایەکانەوە هاتووە سەرچاوەی گرتووە. کاتێك ئەورپیەکان لە ئەمەریکا نیشتەجێ بوون، ئەوان ئەوروپایان بە دنیای کۆن دانابوو و خوشیان بەدونیای نوی لەقەڵمدەدا. ئەو بۆچونانەش لەگەڵ ڕۆژگاردا، بیرۆکەی خۆ بە باشتری لا خولّقاندن و ئەوروپاشیان بەخۆ تێهەڵقولّتێنەر لە کاری وڵاتاندا و گەندەڵ بوو پێناسەدەکرد.

لەمڕۆدا ئایدیۆلۆژی دوورەپەرێزی هەرچۆنێك بێت، ئایدیۆلۆژی ترسە. ترس لە کالاّ و ئاڵ وگۆرکردن. ترس لەو مرۆڤانەی کە کوچیان بۆ ناو وڵاتەکەمان کردوە. ترس لەبەشداری سەربازی و داڕشتنی ستراتیژی بەجیهان کردن. دیارە مرۆڤی بێمێشك و سەرگەردانی وەك سۆزان سنتگ, دژە هۆکار بۆ جەنگی ئەفگان یان هەر جەنگێکی تر بێت دەدۆزنەوە. گەرچی دوورەپەرێزەکان دەزانن، شەڕە ئەفگان، شەڕی بەرگری لەخۆ کردنبوو. بەڵام ئەوان ناخوازن لە بەرگری زیاتر بکرێت. هەر بویە، هەموو شێوازێکی بەکاربردنی دەستەڵات ڕەدئەکەنەوە و دوادەکەن کە ئەمەریکا پردی ناوەندی خوی و جیهان دابڕێ یان بەرزیکاتەوە تا لەو ڕیگەیەوە دەستەڵاتی خوی بپارێزێ.

لەرابردودا, دوورەپەرێزەکان قوتابخانەیەکی بیرکردنەوەن بوون لە رێگەی خۆ دابڕینەوە ڕۆڵی گرنگیان بینیووە. لەو ڕێگەیەوە، هەندیك لە کێشەکۆمەڵایەتیەکانیان

چارەسەربوون. ئەمڕۆ بەئاشکرا دیار کە ئێمە لەدونیایەکدا ئەژین، کە بەرۆژانە مەلاین مرۆڤ لێرەوە بۆ ئەوی کۆچ دەکەن. لەدونیایەکدا دەژین کە یانزەی ڕەزبەردانی تییا ڕوویدا. ڕووداوەکان ئەو ڕاستیەیان ئاشکراکرد کە تەکنەلۆژیا سنورەکان دەبەزێنێ, ئاخاوتن لەسەر ئێرە و ئەوی تا دێت، بایاخی کەمتر دەبێتەوە. کەوابوو, لەمڕۆژەدا, بیرۆکە دابڕاوە نەمرەکان بیروکەیەکی بەسەرچوو، پاشماوەکانیشی لە نابووتی ژیری بەولاوە هیچ مانایەکی تر ناگەێنێ.

چوار ساڵ بەر لەئێستا، یەکێ لەو دەنگە نابوتانە، پاك یۆگاتان، خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا هەڵبژاردو بەرێکەوت لەدەنگدانەکانی دوورگەی پالمدا دەرچووبوو. دووورەپەرێزی بێ لەوەی لە پەراوێزی کلاسیکیدایە پەراوێزبوون، لەڕامیریایشدا نابوتن، کەوابوو کێ دەبێ سەرکردایەتی ئەمەریکا بکات؟

## لیبڕاڵیزمی نێودەوڵەتی

پارتی دیموکراتی ئەمەریکی کە بە لیبڕاڵی نێودەولەتی ناسراون، لە ساڵەکانی نەوەدا دەستەڵاتبەدەست بوو. سیاسەتی لیبڕاڵی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ئەو پارتەیە و ئایینی نوخبەکەیەتی و رەگو ریشەی داڕشتنی و پیادەکردنی بۆ یۆتۆبیای (ووردرۆ وولێسن) دەگەڕێتەوە. پاشانیش (هاری تورمان) دژی کومونیزم پەرەی بەو دۆکترینەدا. هەروەها، (جۆن کەنەدی)ش لەسەر هەمان ڕێباز کۆششیکرد . کاتێك، جەنگی ڤێتنام تەواوبوو، دیموکراتەکان بۆچوونەکانیان بەئایدیۆلۆژی پاسیڤ گۆڕدرا، بەوەشەوە ڕانەوەستان، ئالای بەگژچوونی هەموو ڕامیاریەکی دەرەوەیان هەڵگرت.

بەڵام سەیر ئەوەیە کە تا ئێستا لیبڕاڵەکان بەشانازیەوە خۆیان بەمیراتگەری (ترومان و کەنەدی) لە قەڵەمئەدەن، لەبەر ئەوەی ترومان و کەندی بیری کۆمۆنیستەیان لە دونیادا خەپەکرد. گەرچی لەمڕۆدا دیموکراتەکان ، بەکردەوە ئەو بیرەوەریانە کە کۆتایان بە شەڕی سارد هانی، دەشێوێنن. لەهەمانکاتیشدا، خویان بەجەنگاوەری ڕابوردو ناوزەند دەکەن. لەسەرەتای هەشتاکانیشدا، دیموکراتەکان ,بەیەك لایەنانە، بەرهەمهێنانی چەکی نەوەیان ڕاگرت. لەکاتێکدا، سۆڤیەت گەشەی پێدەدا. لەمڕودا، (جۆن کوری) لاوازکردنی کومونیستەکانی ئەمەریکای لاتین، کە ڕەیگن بە جێی گەیاند،

به شەڕی نایاسایی ناوزەندەکات. لەراستیدا، کاردانەوەی رەیگن، بووە، هۆی سەرکەوتنی دیموکراتیەتی لە ناوچەکەدا و بەرقەراربوونی.

لیبڕاڵە لوتبەرزەکان، ئەمڕۆ، شانازی بەپاسیڤیەتی خۆیانەوە دەکەن, کە گوایە ئەوان، لە دوایی نیوە تەمەنی شەڕی ساردەوە، سەرسەخت و خۆ ڕاگربوون. گەرچی ئەمڕۆ دەزانرێ، ئەو ڕامیاریە پاسیڤیە بوو, کە تەمەنی شەری ساردی بۆ 50 ساڵ درێژ کردەوە.

کاتێك، عیراق کوەیت داگیر کرد، پرسیارەکە ئەوە بوو, دەکرێ ئەمەریکا ڕێگە بدات کە کەنداوی فارس بکەوێتە دەستی دوژمنانەوە؟

لەکاتی دەنگداندا، دیموکراتەکان لەگەڵ دوورەپەرێزەکاندا یەکیانگرتەوە، دوو بەرامبەر بەیەکیان لەپەرلەماندا‌و چوار بەرامبەر بەیەکیان لەسینەتدا وتیان: نابێت کوەیت ژێر دەستبێت. دوو ساڵ دوای ئەو دەنگدانە، لیبراڵە نێودەوڵەتیەکان دەسەڵاتیان وەرگرت و بەڕێوەبەرایەتی کلینتن دامەزرا. بەڵام دیموکراتەکان بوونە یەکەم خۆ تێهەڵقورتێنەر. لەوماوانەدا, ئەوان چوار جار ئەمەریکایان لە کاری سەربازی جیهانەوە گلاند, دەستیان زیاتر لەکاروباری سۆماڵ وەردا, هایتیان داگیرکرد. لەسەرتاڕا، بۆسنیان بۆردومانکرد، دوایش لە شەرەکانیاندا بەشداربوون. لەم هاوکێشە سەیروسەمەرەیەدا، کەسایەتی دیموکراتەکان وەك کوتری شەڕی سارد بەسەر کەندا دەفری و وەك بازی پەلاماری هایەتی و بالقان دا؟!

بۆچوونی ئەوان لەو ڕوانگە دوفاقەیەوە گۆردرا کە گوایە هایتی، بۆسنیە، کۆسەڤۆ، لە پێناوی چاکەدایەو دەبێت هاریکاری بکرێت، هەرشتێکی لەدەرەوەی ئەو ڕوانگەیەی ئەوانەوە بێت، ئەوا بەدەست تێوەردان لەقەڵەمدەدرێت.

ئەزموونی ساڵەکانی 1990دیان، ئەو هەڵوێستانانەیان بەدرۆ دەخاتەوە، چونکە مێژووی بەکارهێنانی دەستەڵاتیان لەوشەرانەدا تومارکراون. لەراستیدا، ئەوان خوازیاری هیز بەکارهانین، بەڵام لە خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەدا نا.

بەرژەوەندی نەتەوە باسکردن، مەبەستم لەو داکۆکیی ئاسایە نیە، چونکە، هەموو کەسێ بڕوای بە بە داکۆکیی لە خۆ کردن هەیە. شەری ئەفگانستان شەری داکۆکیی لەخۆ کردنبوو. لەمڕۆدا، داکۆکیی لە بەژەوەندی نەتەوە، گۆرانی شێوازی بەرهەم هانێنان جیهان دەگەیەنێت، کە پێویست لەسەر زلهێز دابینیکات. بە واتایەکی تر، بەرفراوان ستراتیژی جیهانی ئاڵ و گۆڕ کردن ، کە شێوزی گونجاوی ڕۆژگار وەرگرێت.

ئەز باس لەو جۆرە دەست تێوەردانی سەربازی دەکەم، کە پێداویستی نەتەوەی لەبەر چاوگرێت. لیبڕاڵەکان ئەم مەبەستە بەکارێکی بێ ئابڕوانە ناوزەد دەکەن. لەوە دەچێت، کە بەرژەوەندی نەتەوەپاراستن، بە بەرەرژەوەندیی خۆ لەقەڵەمدەن، نا بۆ کوێت، ئا بۆ کۆسڤۆ.

بەڕێوەبەرایەتی ڕامیاریی دەرەوەی کلینتن خۆی بەهەمەلایەنە پێناسەکرابوو. لەراستیدا، سەرقاڵی بەپەیمان مۆرکردنەوەبوو. بۆ نموونە دەیانووت: نابێت چەکی کمیاوی بەکاربرێ، دەبێ تاقیکردنەوە، چەکی ئەتۆمی ڕابگیرێت. رێژەی کاربۆن لە هەوادا، دەبێت دابەزێنرێت و چەکە دوورکوژەکان بەتەواوەتی قەدەغەکرێن... هتد.

بۆچی؟ تۆ بڵێ هەموو هەستیارێك نەزانێت، ئەو جۆرە پەیمانانەی چی دەگەێنێت، بەچیی کۆتایی دێت. جارێك سیناتۆر، (جۆسیف بیدن) کە داکۆکیی لەو جۆرە رێکەوتنامانە دەکرد، بەڕاشکاویەوە، وتی: بڕوا ناکەم ئەو ڕیکەوتنامانە بەجێیبگەیەندرێت، هەتا ئەوکاتەنەی کە هەموو مرۆڤایەتی بە یەکەوە، ئابڕووی کۆمەڵایەتی نەپارێزن.

چۆن پارێزگاری لە ئابڕووی کۆمەڵایەتی دەکرێت؟ دەکرێت بڵێین: لە ڕێگای دەستڵاتی جیهان کۆمەڵگایی مرۆڤایەتی بە ئابڕوو بکرێت. ئایا هاندانی بێئابڕوو کردن نەبوو، کە وای لە قەزافی کرد کە دەست بەرداری چەکە کوشندەکان بێت و ئاشکری کات کەچی هەیە؟ یان وای لە ئێران کرد کە رێگەی پشکێنەرەکانی چەکی نەوەی بدات کە پشکنین بکەن؟ زەبری قەمە ئەو بەو بێ ئابڕوانە ئاشکرا کرد. سوك کردنی سەدام بوو چۆکی بەواندادا, چونکە ئەوان وەك سەیرکەری، لەهەمان کۆتایی دەترسن کە ڕوو بەرووی ببنەوە.

دیموکراتەکان لە ڕێگای پەیمان بەستنەوە، بەهیوا بوون کە ئەو دەوڵەتە نالەبارانە دەست بەرداری گەڕانبن بەدوایی چەکی کوشندەدا، بەڵام ئەوان ڕێز لە گفت و پەیمانەکانی خۆیان ناگرن. هەر بۆیە هەوڵی جیهان بەئابڕووکردن، لای ئەوان گاڵتەجاڕییە، جا بۆچی خولیای پەیماننامە و پرتۆکول و یاسا دانان بین؟ چاك وایە پێش ئەوەی هێزی ئەمەریکا لەبەرد بدرێ. پرسکەین، کێ بەراستی دەستەڵاتی خۆی دیاری دەکات و پەیڕەویی پەیماننامەکان دەکات؟ لەڕاسیدا، بەستنەوەی ئەمەریکا بە پەیماننامەی چەکە قورسەکانەوە، شێواندنی ستراتیژیەتێەتە، چونکە رووسەکان لەبەرهەمهانین چەکی قورسد دواکەوتوون. پەیماننامەی کایوتی چاو لە چین و هندوستاندە پۆشین نەبیت، ئەی چییە دەگەیەنێت؟ تاقینەکردنەوەی چەکە

نەوەییەکان خۆی لە خۆیدا مەترسیەکی گەورەیە دروستدەکەن، چونکە لەبەر ڕۆشنایی تاقیکردنەوەدا، دەکرێ بە گوێرە پێوست جبەخانەکان چەکە قورسەکان تازەکرێنەوەی، یان پەیمانی مین نەچاندن ، بەتایبەتی، لە دەوروبەری سنورەکانی کۆریادا، بەزەرەریی سەربازی ئەمەریکی دەگەڕێتەوە.

هەمەلایەنە سەرکێشەکان مەبەستیانە دەستەڵاتی ئەمەریکا لەرێگەی پەیمانبەستنەوە بەندکەن. ئەوان دەیانەوێ ئەمەریکا بیر لەوڵاتانی تر بکاتەوە، هەروەك چون گولیڤەر بەصەد پەت ببەستیتەوە تا ئارەزوەکانی بەزۆری زۆرداریی ماڵیکەیت. لەمڕۆدا، چەمکی هەمەلایەنی کەبەرنامەی لیبڕاله نێودەوڵەتییەکانە و بابەتی بنچینەیانە لە کاردا. لەساڵەکانی 1990 ئەوان دەروێشانە دەیانویست کە ڕامیاریی دەرەوەی ئەمەریکا پابەند ئەو بۆچوونەبکەن. هەر بۆیە، ڕەخنەی دیموکراتەکان، لەکاتی جەنگی عێراقدا سەیربوو، ئەوان ڕەخنەیان لەشێوازی بەجێگەیاندنی جەنگەکە نەبوو، بەڵکو لەبەڕێوە چوونی ڕامیاری جەنگەکە بوو. بیانووکانیش لەوەدابوو، کەگوایە ئێمە ڕوخسەتی ولاتە یەگرتوەکانمان نیە و دۆستێکی زۆرمان لە خۆمان کۆنەکردۆتەوە کە بەشداری شەرەکان بن. لەهەمانکاتدا، ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاشتیمان بەدەست نەهێناوە و کوفی عەنان ناڕەحەتەو فەرەنسیەکانیش دڵیان رەنجاوە.

هەریەك لەو نوێنەرانەی پارتی دیموکرات کە بۆ سەرکردایەتی ئەمەریکا خۆیان پاڵاوتبوو، لەکاتی کێبرکیاندا، زۆرینەی دەنگەکانی ئەندامەکانی پارتی دیموکراد، دەیانووت: دەبوو جەنگی عیراق بەجیهانی بکرایە و دۆستی زۆر و UN بەشدارکردایە. بۆچی؟ لەبەر دوو هۆ, جەنگ بەیاسایکردن و ڕاوێژکردن، تا لەدوایدا، لە ئاوەدانکردنەوەی عیراقادا بەشداربن. هەموو کەس دەخوازێ لەئاوەدانکردنەوەدا بەشداربێت. کارێکی خۆشبەختانە دەبوو، گەر فەرەنساو ئەڵمان لە ئاوەدانکردنەوەی بەغدادا بەشداربوونایە. بەڵام مشتومڕکرد، لەسەر ئەوباسە جێی گاڵتەجاڕییە، چونکە فەرەنساو ئەڵمان بەئاشکرا وتویانە، ئەوان بەهیچ شێوەیەك خۆازیارنین کە سەدام لەدەسەڵات لابرێت.

ڕاستە لەکاتی پێویستدا ، هاوڕێی زۆر لە کەم چاکترە بتبێت ، ئاشکراشە کە خۆشتر دەبوو کە بەئاسانی فڕوکەکانمان بفڕینایە، بەڵام کاتێك هەندێ نەتەوە لەگەڵتانیین، ئەو تەنها ئەوە ناگەێنی کە ناخوازن لەپرۆژەکەماندا بەشداربن، بەڵکو ئەوە دەگەیاند کە دەیانویست، پرۆژەکەمان هەڵوەشێتەوە.

لەکاتێکدا کە لیبڕاڵە نێودەوڵتیەکان گێڕدەگۆڕن و باس لەڕەوایەتی شەرو ئاشتی دەکەن. گوایە شەڕیی عیراق بە کومەڵکردن، دەلالەت لە ڕەوای شەڕەکە دەکات. ئەز بەبیستنی ئەو دەربڕینانە زۆر بێزار دەبم. چونکە، کاتێك، گوێم لەوجۆرە مشتومڕانە ئەخلاقیانە دەبیَ، هەستم ناکەم کە هیچ پێوانەیەك لە ژیانی 25 ملیۆن مرۆڤی عیراقی بەرز تر بێت. عیراقیەکان خوازیارن لەدەستی سەدام ڕزگاریانبێت. لەو کاتەدا مشتومڕی دیموکراتەکان لەیەك شتدا راستە دەبوو ، گە بیانوتایە: ئێوە ڕێزتان بۆ پیاو کوژە چینیەکان و گاڵتجاڕەکانی وەك قوسەی و عودەی دانەناوە.

ئەم جۆرە مشتومڕانە مرۆڤ وا لێدەکات کە نرخی بۆ ئەو جۆرە لێدوانە دانەنێ. ئێمە دەزانین، بۆچی لیبڕاڵە نێودەوڵەتیەکان، داوای سزای ئابوری‌و ڕامیاری بەردوەامیان بۆ عێراق دەکرد. لەبەر ئەوەی نەهێلن، جەنگ هەڵگیرسێ و عیراق بۆ ماوەی دوانزە ساڵی تر، هەر وەها بەرژەوەنی ئەوان بپارێزێت . ئەم شێوازەیی بەردوامدانە، بەکاریگەری گۆلیڤەر ناو دەبرێت، کە لە سەر حسابی یەکێکی تر پەرژەوەندی خۆت بپارێزیت.

لە مێژوودا، هەمەلایەنی ئەوە دەگەیێنێت، کە دەوڵتە لاوازەکان خویان بە دەوڵەتێکی بەهێزەوە گرێدەن تا لەرێە دەستەڵاتی هەمەلایەنەیانەوە بتوانن بەسەر هێزێکی گەورەدا زاڵبن. لەکاتی شەڕەکەدا، مەبەست دەستەڵاتی فەرنسی کە بەسەر ئەمەریکادا زاڵبێت. فەرنسا بەپەرۆشەوە بەهەمەلایەنانە بەرگری لەشەڕ هەڵگیرسان بەکاربرد تا پرۆژەکانی تاکە جەمسەری دەستەڵات بڕەوێتەوە. لێرەدا, دەپرسین بۆچی ئەمەریکا دەبیَ ئەو بەرهەڵستیە فەرنسای لا پەسەندبێت؟ لیبڕاڵە کە دەیانەویَ گولیڤیەر دەست و پیَ بەستراوبیَ، مەبەستیانە کە ئەمەریکا دەستبەرداری بەرژەوەندیەکانی تاك جەمسەری دەستەلاتبێت.

دەشیَ ڕاستەوخۆبڵێین: ئاکامی جەنگی ڤێتنام بوو، کە لە ناو ئەمەریکیەکان مەیلی گەڕان بەدوای بەرژەوەندی خۆدا بە ناپەسەند ڕەچاوبکەن. بەلاَم، لەمڕۆدا هەڵەیە کە دژایەتی لیبڕاڵەکان بەو ڕۆژگار و مەبەستانەوە ببەستینەوە.

بەپێچەوانەوە, تورەی لیبڕاڵەکان لەمەڕ دژایەتی بەرژەوەندیی نەتەوە لە بۆچوونی ئایدیۆلوژیاوە سەری هەڵگرتووە, چونکە ئەوان دەیانەویَ کە دەوڵەتێکی گەورەی نێونەتەوەی دروستکەن، بەوتەیەکی تر، ئەوان دەخوازن گشتییەتی (هۆبز) بەگەشتیەتی (لۆك) بگۆڕن تا یەك سیستەمی دەسەلاتی بەڕێوەبردنی جیهانی دروستبێت، بەمانایەکی تر، بوونی سروشتی کۆمەڵەیەتی ئەمڕۆ بگۆردرێت. هەر وەك ئەوەیە کە بلێت: با لە جەنگەڵدا، لەجێی یاساکانی جەنگەڵ، یاساکانی عەقلَ

دامەزرێنین. هێدی هێدی، لەڕێی  پەیمان بەستن و کونتراك نوسین و بڕیاردانەوە، بەکورتی سیستەمی جیهانی لەسەر وێنەی کۆمەڵگای خۆماڵی داڕێژینەوە.

وەزیری دەرەوەی ئەمریکی(کوردیڵ هاڵ)  لە ساڵەکانی 1943 باس لە خەو بینینەکەی دەکات: لە ڕابردوی پڕ ئەشکەنجەدا، نەتەوەکان هەوڵیان داوە، بەرژەوندی خویان لە ڕیێ خۆ پێشخستنەوە و کێبڕکێوە بپارێزن، بەلام  ڕۆژێك دێت کە مرۆڤ پێوستی بەشەڕ و کۆمەك لەیەکردن نەبێت تا لەو ڕێیگەیەوە تەرازوی دەستەلاتی ناوەندی خۆیان ڕابگرن.

دیموکراتەکان بڕوای بەرز فرپنیان هەیە،  بەوەی لەرێگەی ڕەدکردنەوە بەرژەوەندی نەتەوەوە، کۆمەڵگای جیهانی ڕاستەقینە بڕەخسێنن، جا بۆ گەیشتن بە مەبەستیان پێوستیان بە دەستەلادتێن هێز هەیە کە ماڵی بکەن، تا ئەو کارەیان بۆ ئەنجامبدات.

گەر ئەمەریکا ماڵیکرا، ئەوسا دەستەلاتی  نەتەوی ئەمەریکی پوچەڵدەبێتەوە و دیموکراتەکانی  دونیاش دەستەلاتی  جیهانی لە ژێر چاودیری یەك دەزگای دەستەلاتدا دادەڕێژن.

## ڕیالیزم

ڕیالیزم کە سێهەم قوتابخانەی ڕامیاری دەرەوەی ئەمەریکایە، بۆچونێکی  جوان و پایە بەرزە و تا ڕادەیەکیش شێتانە لە ڕووداوەکان دەڕوانێت. لەهەمانکادا، ڕیالیستەکان پرۆژەی لیبڕاڵەکان بەپرۆژەیەکی بێهیواو داڵغەچی دەزانن و دەڵێن: گەر لە دونیای (هۆبز)ی بنوارین، دەبینین لە پێش شەرەکانی تەرواوە ئەو بوونە هەبووە. بۆیە ناکرێت کە دونیای (هۆبز) بەدونیای (لۆك) بگوڕدرێت، گەر بتەوێ جەنگەڵ دەستەمۆکەیت، دەبێ سروشتی لە بنەڕەتەوە وەرچەرخێنی. وەك ئەوە وایە کە بتەوێت سروشتی فیزولوژی مرۆڤ سەر لە نوێ بە شێوازێکی تر داڕێژیتەوە، نەك تەنها بەوەی دەزگا کۆمەلایەتیەکان بگۆریت، بەڵکو ڕۆح و گیان مرۆڤ بە شێوازیکی تر  لە قاڵب بدەیتەوە. ڕیالیستەکان بڕواناکەن کە شۆڕشی لە سروشتی مرۆڤدا دەکرێت. هەربۆی، ڕیالیستەکان بیری لیبڕاڵەکان لە بنەڕەتەوە ڕەد دەکەنەوە. لەو کاتانەشدا، کە دبینن لیبڕاڵەکان،  باسی لە دامەزراندنی سیستەمی جیهانی دەکەن کە لەسەر

بناغەی کۆمەڵگای خۆمالی دامەزرێت. ڕیالیستەکان  لەبەر رۆشنای ئەم خاڵانەدا لیبڕاڵەکان  بە چاوەشەکەر لە قەڵم دەدەن .

یەکەم: ڕیالیستەکان دەپرسن، چیە کە کۆمەڵگای خۆماڵی بەیەکەوە گرێ دەدا؟ لەوەڵامدا: دەستەڵات لە دەستی ناوەندی باڵادەستدا  کۆدەبێتەوە و دەست بەسەر نۆرمە کۆمەڵایەتیەکاندا دەگرێ و بەجێایندەگەێنێت.  بەڵام لە گۆڕەپانی جیهانیدا، دەستەڵات بەو جۆرە ڕێکنەخراوە، گەر لە ماڵێکی ئەمەریکی یان کۆمەڵگای یەگرتووی ئەمەریکی بڕوانین، کە لەیەك جێگە و کاتدا ڕیکخراون، لەیەکم تێڕوانیندا وامان بۆ دەردەکەوێ، کەخۆیان بۆ خۆیان نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانیان ڕێکخستوە و بە شێوازیکی ئوتومەتیکی کاردەکەن. بۆنموونە، کاتیك تۆ ماڵەکەت دەبڕێ، پۆلیس ئاگادار دەکەیتەوە، پولیسیش چەك بەدەستەوە بۆ ماڵکەت دێن. ئەم  ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ بۆ خۆت یاسا بەجێهێنەری، بەڵکو پۆلیس یاسا  بەجێدەگەێندرێت.

دووهەم: کۆمەڵەی خۆماڵی  لەسەر بەرژەوەندیی  گشتی راوەستاوە کە بەها شارستانیەکان و نرخە هاوبەشەکانی بەینی تاکەکان ڕاینگرتووە. لە جیهاندا نرخی هاوبەیەکان لە بەینی بەریتانیەك, کوبایەك, یەمەنیەك و زیمبابویەکدا چییە؟ ئێمە دابەشی ناوکۆی بەینی ئەمانە ناو دەبەین بە" کۆمەڵەی جیهانی"!

راستە, دەکرێ کۆمەڵەی ئارەزوومەندی گەورە و بچووك هەبێت لە نموونەی NAFTA, ANZUS, EU  کە بەڕەزامەندیی و لەبەر ڕۆشنایی پێوستیەکانیان یەکبگرنەوە. ئەوروپاییەکان کە لەگەڵ نەتەوە بچوکەکاندا یەکیانگرتوو، زۆربەی کات، بە فیزەوە رەفتار لەگەلیاند دەکەن. چونکە لایان گرنگ نییە چ ئایدۆلوژی یان کلتوریك بەیەکیان دەبەستێتەوە، بۆیە دەکرێ بڵێن: یەکگرتن لەو جۆرە دەمەتەقێی، پاڵەوەنە دالغەچیەکان، بۆ گەیشتن، بە خەو و خەیاڵی کە پاڵەوانەکان هەیانە، چونکە پاڵەوانەکان، خەوەکانیان لەو ڕێگایانەوە بنیاد کردوە. بۆنموونە  بە ناوی یەکێتیەوە.

پەیمانی ڕاوە ماسی لەبەینی (ئەمەریکاو کەنەدا )دا بەستراوە، راستە هەردو لا کار بەو پەیمان بەستنە دەکەن،  بەڵام دانیشتن‌و مۆرکردنی بەڵگەنامەی لەگەڵ کۆریا لەسەر پلاتونیوم دەرنەهێنان، نرخی پەڕە رەشکردنەوەی نی یە لە پراکتیکدا.

لە ڕۆمانی فەرهەنگی شەیتاندا (ئەمبرۆس پێرس) ئاشتی ئاوەها پێناسەدەکات: ئاشتی، ناوە لە کاری نێودەوڵەتیدا کە بەو کاتە دەوترێت کە  فێڵە پیادەدەکرێت لە کاتی شەر راوەستاندا.

ڕیالیستەکانیش ئەو بڕوایەی(پێرس) یان هەیە و دەشڵێن ئەوە ڕاستیەکی بەڵگەناویستە. کۆمەڵگایی نێودەوڵەتی لەمڕۆدا، لەسەر بەهای بەرژەوەندی دامەزراوە و لە کێبڕکێی بەردوامدایە بۆ دەستەڵات وەرگرتن، ئەم دژواریەش ئاسا کۆ نابێتەوە.

چی یە سیستەمی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە هێشتووتەوە؟ چی یە کەناهێڵێ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەتەواوەتی گەندەڵبێت و هەڵوەشێتەوە؟ پەیمانە شێتەکان نین, مەبستە بەرزەکانی نین، نەتەوە باشەکان نین. لەمڕۆدا، ئێمە، لە دونیا تاك جەمسەری دەستەڵاتدا دەژین, هەر هاوسەنگیەك کە هەیە، بۆ توانایی بێسنووری ئەمەریکی دەگەڕێتەوە، کە سوورە لەسەر شیرازەی دەستەڵات ڕاگرتن .

کاتێك، کە دزێك دێتە سەر ماڵەکەت تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەیت، ئەی تەلەفون، بۆ کێ دەکەیت کە وڵاتەکەت داگیر ئەکرێت؟ تەلەفۆن بۆ واشنتۆن دەکەیت. لە دونیا تاك جەمسەری دەستەڵاتدا, بۆ ئەوەی دەستەڵات بەناوەندکەیت و نۆرمەکان پیادەکەیت، بۆ گەشیتن بەو مەبەستە، دەبێت دەستەڵاتی ئەمەریکی لغاوکەیت، تا دونیایەی کە (لۆك) خەوی پێوە دەبینی، دیمەزرێنیت.

ڕیالیستەکان بە تەنها لە ئەمەریکادا ناژین، لە ساڵی 1996، لە ئۆسلۆ، لە گفتوگۆیەکدا بۆ کەمکردنەوەی مین لە جیهاندا بەشداریم کرد. لە گفتوگۆکاندا، سەروك وەزیری فینلەند، بە توندی داکۆکیی لە بەکار هێنانی مین دەکرد، دراوسێ سکەندەناڤیەکان زۆر بە توندی سەرزەنشتیان کرد. ئەویش وەڵامێکی زۆر وشکی دانەوە: بازاری فرۆشتنی مین کە ئەمڕو بۆ ئێمە گونجاوە، جێ ڕەزامەندیمانە، لەسەرو ئەوانەشەوە، فینلد لەبەینی دوڵاتەکانی پوڵی سەرودا، بۆ خۆی مینێکی چەقاوە.

فینلندا مینێکە لە بەینی رووسیاو سکەندەناڤیادا نێژراوە، ئەمەریکاش مینێکە لە بەینی شارستانیەتو بەربەرییەتدا نێژراوە. کۆریای خوارو، ئەمڕۆ بەبێ هاریکاری ئەمەریکاو مینی لەسەر سنور چاندن. لە کوێ دەبوو؟ یان کۆمەڵگایی خۆشی لووتبەرزی ئەوروپا چۆن دەبوو, گەر ئەمەریکا وەك مینیك بەری بە سۆڤیەتی زەبەلاحدا نەگرتایە؟ ئەمەریکا گەر لە1991دا سەدامیان رانەوەستاندایە، ناوندی خۆرئاوا، ئەمڕۆ چوون دەبوو؟

ئەو مینانەن کە شارستانیەت، لە بەربەرییەت دەپارێزن، نەك کاغەزی ئیمزا کراو. دەستەڵاتی تاك جەمسەری ئەمەریکایەکە کە داکۆکی لە مانەوەی دەدا، گەر پێویستیشکات، ئەوا بەتەنها کارکادەکات و پێشوەخت پەلاماری تێکدەران دەدات.

ئەوانەی ئیستاکە، بە دەستەڵاتی ئەمەریکی نارەحەتن، دوو رەخنەی نابەجێ دەگرن، تا لەو ڕێگەیەوە توانای ئەمەریکا لغاوبکەن، هەر بۆیە، شاڵاو دەکەنە سەر باوەڕنامەی پێشوەخت پەلاماردان و بە تێکدەری نۆرمە نێودەوڵەتی ناوی دەبەن.

نورمە نێودەولاتیەکان چین؟ لە ساڵی 1981دا ئیسرائیل لە ناوەخدا پەلاماری کارلێکەری ئەتۆمی عیراقیدا. تەنانەت، (ڕۆناڵ رەگنیش) لە ئەنجومەنی ئاسایشی جیهانیدا، پەلاماردانەی ئیسرائیلی مەحکومکرد. بەڵام، لەمرۆژەدا، کەسیك هەیە، لە ڕووی ستراتیژی و ئەخلاقییەوە گومانکات، لەو ئەنجامە چاکەی کە لەو پەلاماردانە ناوەختەی بۆ سەر عیراق کرا بکات؟

لە دونیایەکدا، کە تیرۆریستەکان و دەوڵەتی ناجنسەکان بتوان چەکی کوشندە بەدەست بهێنن و ئامادەش بن بە کاری بەرن، پێشوەخت پەلاماردانیان تەنها کاتە کە کاریگەری هەبێت.

کاتێك کە شەڕی ساردا، لە ناوەندی دووجەمسەری دەستەڵاتدا بوو. ئێمە لەگەڵ دوژمنێکدا دەجەنگین، کە لەسەر پێی خوی ڕاوەستابوو، بیری لەخۆ تەقینەوی نەدەکردەوە. بەرهەڵستی نەیارێك لەو جۆرە بە شێوازی شەری سارد ئاکامی خویٚ هەبوو . بەڵام، ئاستەمە بەرهەڵستی نەیاریك بکەیت، کەسەری بۆ بەهەشت دەخورێت، یان بەرهەلستی ڕژێمێك بکەیت، کەبە دزیەوە بومبایەکی کاتی یان ئەنتراکس بە پۆستا بۆ مرۆڤی وڵاتەکەمان دەنێریت. هەر بۆیە ستراتیژی پێشوەخت پەلاماردان لەوبارانەدا ئاکامی خۆ دەپێکێت .

زیاتر لەوانەشەوە پێشوەخت پەلاماردانی ولاتێك کە بە ئاشکرا دوژمنە و هەوڵی پەیدا کردنی چەکی ڕەشبکوژی ئەدا، بەخزمەتی و بردنە پیشەوەی بەرهەڵستی کلاسیکی دەگەڕێتەوە. بەگوێرەی نەریتی باو کاتی بەرهەڵستی چەکە کوشندەکانمان کرد و تولەشمان سەندۆتەوە، ئەو شێوازە درەنگ وەڵام دانەوەیە بەرهەڵستی بوو, بەڵام پێشوەخت پەلاماردان ئەو ڕژێمە دزێوانە هاندانەی پێشوەخت کە دمستبەرداری گەرانبن بە دوای چەکی کوشندەدا.

دەوڵەتی عێراق جبەخانەی چەکی کوشندەی هەبوو بێت یان نەبووبێت، دەوڵەتی یەکگرتوی ئەمەریکا کارێکی چاکی کرد کە ئەو ڕژێمەی دزێوەی تورهەڵدا. لابردنەکەش ئاکامێکی کاریگەری بەرهەڵستانەی لێکەوتەوە. بەڕۆشتنی سەدام، ئەمرۆ، ئێمە سەلامەت ترین, نەك تەنها لەبەر لابردنەکەی، بەڵکو لیبیا رسوا کە تا دوێنی یاری

به ئالوگۆڕی چەکی کوشندە دەکرد، ئەو تورهەڵدانەی سەدام تێگەیاند کە چ چارنووسێك چاوەڕی دەکات.

بەڵێ راستە، نەبوونی زانیاری تەواو کێشیە بۆ پێشوەخت پەلاماردان دروستدەکات لە هەدەف پێًکاندا. بۆیە، پەیدا کردنی نەهێنی پێشوەخت، لەسەر ئەو ڕژێمە نالەبارانە یارمەتیکی گەورە بۆ پەلاماردان ئامادە دەکات. گەر بێتو، زانیاری لەسەر نەهێنیەکان نەبێت، ئەوا بەرهەڵستی لەو کاتەدا ملکەچی بنەماکان پێشوەخت پەڵاماردانە دەبێت، یان ئێمە دەبێت دەستبەرداری پێشوەخت پەلاماردانبین.

دەستەڵاتی تاك جەمسەری ئەمەریکی بە تاکڕەو ناو دەبرێ. من ناکوکم لەمەڕ ئەو لێدوانە، چونکە ئێمە بەرەی ڕزامەندیمان پێکهێنا، کە لەشەردا بەشداربوون، گەرچی برۆسل وخۆرهەڵهاتی نەهری ئەمەریکا لەگەماننددا نەبوون، ئەوە ئەوە ناگەێنی کە ئێمە لە کارکردندا تاکڕەوانە ڕەفتارمان کردەوە.

لەوەش زیاتر، تاکڕەوی لە زۆرجاردا رێگە بۆ هەمەلایەنی کارکردن دەگونجێنیت، لە شەڕی کەنەداوی یەکەمدا سەرکردایەتی ئەمەریکی تاکرەوانە ئاماژەی بەوەدا کە" ئێمە بەداگیرکردنی کووەیت ڕازینابین."

بەدوای ئەو هەڵوێستەدا بەرەی هەمەلایەنی شەڕ پێکهات. ئەمەریکا، لەسەرەتادا ئاشکرای کرد، گەر بە تەنهاشبێت، نایەلین کوەیت بە داگیر کراوی بمێنێتەوە، ئەو بۆچوونە بوو کە هەمەلایەنی بەرگری هێنایە کایەوە.

بەدڵنیاوە دەڵێم، لە ژیانی رۆژانەدا، هەموو تاکی هەوڵی کار لەگەڵ یەکێکی تردا ئەدات, تا ئەو دەمەی بەیەکەوە دەگونجێنن. زۆر خۆشەیشە کە مرۆڤ پرد بەیەکەوە دروستدەکەن. هەر بۆیە بڕوا ناکەم کەس بە دوای تاکڕەویدا بگەڕێ. مانا ساکاری تەنهابوونیش ئەوە دەگەێنێ کە یەکێك ڕێ بەخۆی بدا، کە بەندی داوای یەکێکی تر بێت.

راستە، گەربکرێت، بەرە پێکدەهێنین، لە 2003 دا، بەرەی خۆ بەخۆ بۆ چارسەری کێشەی عێراق لە دۆستە ئامادەبووەکانی وەك بەریتانیا, ئوسترالیا, ئسپانیا, ئیتالیاو هەندی ولاتی رۆژئاوای ئەوروپا پێکهات. لە سەرەتاوە(فەرەنسا و ئەڵەمانیا) وتیان لە تورهەڵدانی سەدامادا بەشداریناکەن. لەو کاتەدا، بەراورد لە بەینی بەرەیەکی فراوان یان تەسکدا نەبوو, بەڵکو جیاوازی لەودا بوو کە (فەرنساو ئەڵمانیا) دەیانویست کە دەست بۆ سەدام نەبرێت. راست مشتومڕێکی زۆر توند و چڕ دژی شەڕی عێراق لە جیهاندا هەبوو, بەڵام باسەکە ئەوە نیە کە فەرەنسیەکان دەیڵێن.

جارێك (ئێرڤین کریستوڵ) ڕوونیکردەوە، کە ڕێکخستنی یەگرتووەکانی ئەمەریکایی لەلا باشترە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، چونکە لەباری یەکەمدا موتەرجیم بەکرێگرتن گران ناکەوێ.

ڕیالیستەکان ناخوازن بە دەردی گۆلیڤەر بچن، لە سیستەمی جیهانی بێسەروەریدا، کە ڕامیاری خۆ پاراستن تێدا ئاستەم بێت. لەمڕوی جیهاندا، دەستەڵاتی مێژووی بەمیرات بۆ ئەمەریکا بەجێماوە، بۆیە دەبێ بەئاگایانەوە ئێمە ئەو دەستەڵاتە بیپاریزین و سەربەستانەش بەکاریبێنین.

ئا لێرەوە، ڕووبەڕووی سنووردرای بۆچوونی ڕیالیزم دەبینەوە، کە دڵێت: تۆ تەنها بەدەسەڵات ناژیت. ڕیالیزمەکان لەبەرامبەر سەرلێشیواوەجیهانیەکانی 1990دا، باشترین دژبوون، بەڵام لەوە زیاتر چارەسەریان پێنیە.

کێشەی بنچینەی ڕیالیزم بەرژەوەندی نەتەوەیە، تێوەری زانی گەورەی ئەو ڕێبازە (هانس مۆرگێنساو) بەم شێوەیە پێناسەیکردوە: چی یە کە نەتەوە دەبزوێنی؟ چی یە بوونی ڕامیاری دەرەوە تەبریر دەکات؟ ئایا بەدەستهانینی دەستەڵات و پارێزگاری و بەرفراون کردن نییە؟ کەواتە، دەستەڵات بەرژەوەندی پێناسەدەکا.

لەوانەیە، زۆربەی ئەمەریکیەکان، دونیایی ئەمرۆ هەروەك"ویست بۆ دەستەڵات بەدەستهانین" پێناسە بکەن، بەڵام ئەو بۆچوونە، نابێت ببێتە ڕەچەت بۆ کاری ئەمەریکا. چوونکە ئەمەریکا ناتوانی، بەتنها بە سیاسەت بژیەت. ڕامیاری دەرەومان دەبێت لەسەروی ئەو بۆچوونە و هەوڵانەوە بێت. کۆنسێرڤەتیڤی ئەمەریکی گەر پەیکوڵ (تەحەدای) بیر بەخۆماڵی کردنی جیهان نەکا بەکردوەو بەرپەرچی نەدەنەوە، ئەوان بە دوڕاو لەبەرامبەر لێدوانەکانی پارتی دیموکراتەدا دەمێنێتەوە. کۆسێرڤەتیڤکان دەبێت بەرژەوەندی نەتەوە، لەگەشە پێدانی بەها ئەمەریکیە لە جیهاندا ببینێتەوە.

## عەولەمەی دیموکراتی

عەولەمەی دیموکراتی، چوارهەم قوتابخانەیە کە لەم دەساڵانەی دوایدا، ڕێبەرایەتیی ڕامیاری دەرەوەی ئەمەریکا کردوە. کۆنسێرڤەتیڤەی کە جێی ڕیالیزمی رابردوی گرتۆتەوە، بە بێ ئاگایانە و تەمەڵانە بە کۆنسێرڤەتڤی تازە ناوزادە دەکرێت. ئەمە ناوەناموە بە قوتابخانەیەك دەوترێت کە دوو پشتگیری گەورەی وەك (جورج دەبلیو

بوش و تونی بلێر) لایەنگریەتی، گەر بێتو هەردووکیان کۆننسێرڤەتڤ تازەبن, ئەو کاتە، دەبێ بلێین: کە (مارگرێت تارچەر) لیبڕاڵ بووە. چوونکە، هیچ شتێك تازە نییە دەربارەی (بۆش) وە هیچ شتێکیش دەربارەی (بلێر) کۆنسێرڤەتیڤ ناگەیەنێت.

لەمرۆدا، (بلێرو بۆش) دوو لایەنگری سەرەکی ئەو شتەن کە دەشێ بە دیموکراتی عەولەمە ناو بەرین، کە ڕامیاری دەرەوەی ئەو دوو نەتەوەیە پێناسە دەکان و بەوە شێوایش بەرژەوەندی نەتەوە پێناسە دەکەن، نەك وەك دەستەلات بەڵکو وەك بەها دانان, ئەو پێناسە شکۆدارکردنە کە (جۆن کەنەدی) ناوی سەرکەوتنی ئازادی لێنابوو. هەروەها، سەروك (بوش) لە ووتەکانی ساڵی پاریدا، لە (وایت هوڵدا) وتی: لەمڕوی جیهاندا، ئەمەریکاو بەریتانیا پەیامێکی هاوبەشیان هەیە، کە لەسەروی هاوسەنگی دەستەلات و بەرژەوەندیی ئاساییەوە ڕاوەستاوە، کە بە ئاشتی بەرقەراربوون، ئازادی بەرفراون کردن بەجێدەگات.

دیمۆکراتی عەولەمەی لەسەرویی بڕوای دەسەلات و بەرژەوەندیی تەسکی نەتەوەیەوە پێناسەکراوە. لە کاتێکدا، کە ڕامیاری دەرەوە پێشچاو دەخرێت. ئەمەریکا نەتەوەیەکە نە لەسەر خوێن، نەژاد، خێزان دانەمەزراوە, بەڵکو لەسەر پەیمانی مەردانە دامەزراوە، کە لەماوەی دوو صەد ساڵە، بێهاوتایەنە بۆ ئازادی دەکۆشێت، ئەمە تایبەدمەندیەکی ڕوونە، گەرچی ئەوانەی ئەمەریکی نین تێناگەن. بوچی (بلێر) لە ولاتەکەیدا توشی چەرمسەری زۆر بوو، کاتێك کە دەیویست پشگیری لە بڕواکەی خۆی بکات. چونکە، ئەوروپیەکان تێناگەن، کە چۆن ڕامیاری دەرەوەی ولاتێك لەسەر بەها دادەڕێژرێت.

عەولەمەی دیموکراتی ماتۆڕی مێژوویە بۆ ئازادی ڕەخساندن نەك بۆ دەستەلات سەپاندن. کاتێك، شالاوی بۆ سەری دەکرێ و بە خەونێکی ئادیالیستانە ناو دەبرێت. لەوکاتەدا، ئەو ڕاستییە لە بیر دەکرێت کە ئیلهامی عەولەمە لە بڕوانامەی 1947 (ترومان) و کار پێکردنی (کەنەدی) لە 1961 یەکداو، لێدوانەکەی 1983 (ڕۆناڵ رەیگن) دەستی پێکردوە و ئاکامی ململان بەینی دوو دەستەلاتی جیبوپۆڵەتیك بووە بۆ بە ئازادی گەیشتن. هەر بۆیە پەیامەکەی (ترومان) بە توندی رەخنەی لێگیرابوو، لە لایەن (هانس مۆرگینساو، جۆرج کینەن) وە، لە دوایشدا دەزگا سەقامگیرەکانی رامیاری دەرەوە بوختانی نابەجێ بۆ (ڕاگین) کردبوو، کە گوایە شرینقەوە رەوشتی ئایدولۆژی لە شەڕی سارد داوە.

ئەوسا ئەو سابوو، ێستا یانزەی سێپتەمبەرمان بەسەردا هات و ئێمەش لە لەگەڵ دوژمنێکی جوودادا ململان دەکەین. ئەوسا لەگەڵ سۆڤیەتی کۆمونیستا بوو، ئیستا لەگەڵ عارەبێکی ئیسلامی کە بڕوای بە وەحدانیەتی توندرەو هەیە، کە بە ناوی دونیای و دینەوە شاڵاو دەهێنێت. (بۆش‌و بلێر) لە ئێستادا داکۆکی لە ئازادی دەکەن، بەڵام بە شێوازی ساویلکانەو دڕندانە شالاوی هەمە لایەنانەیان بۆ سەر دەکرێ.

لە ئێستادا، چاك وەهایە کە رێز لە (بلێر و بۆش) بگیرێ نەك تەنهاش لەبەر ئەوەی سەربەستی دەپارێزن، بەڵکو لەبەر ئەوەی رێزی ئاسایان بۆ مرۆڤەکانی ئەفغان‌و عێراق گەراندۆتەوە, ئەمەش ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە.

لەگەڵ ئەوەشدا, شتێك دەکرێ راست بێ و لە هەمان کاتدا ترسناك بێ، زۆر کەس لە بەڵاگەنامەی بۆش‌و بلێر، ناڕەحەت و دلگرانن. کاتێك، بلێر لە کونگرێسدا ئاشکرا ووتی: ئازادی لە جیهاندا بڵاودەبێتەوە. هەر بۆیە، ئازادی، ئاخر ووتەی داکۆکیی و یەکەم ووتەی شاڵاو بردنمانە. بوش و بلێر ترسیان لە بەجێگەیاندی، یوتۆپیای ڕامیاری دەرەوە هەیە، کە لایەنگرانی (وودرو ویڵسن) هەوڵی بۆ ئەدەن.

با کۆنسێرڤەتیڤ ووتە شەڕانیەکانی (وودرو ویڵسن) ببیستن کە تێڕوانێکی یوتۆپیایە، ویڵسن بڕوای دەکرد کە دیموکراتییەت بڵاودەبێتەوە، ئەو بڕوای دەکرد کە دەبێ دەزگای جیهانی بخولقێنرێ تا نرخەکان بەجێبگەێنێت. لەو ڕووەوە، دەتوانرێ لەو ببورێت کە وەها بیری دەکردوە، چونکە ئەو لە 1918دەژیا. ئەمڕۆ ئاستەم بزانرێت کە تا چ ڕادەیە دەزگا نەتەوەی یەگرتووەکان گەندەڵن، هەشت ساڵ جیهان ئەزمونی تاڵ دەچێژیت. لەوانەش سەیرتر، لیبیا چەپەڵ چەپڵە بۆ پاراستنی ماف مرۆڤ و مانەوە ئەو دەزگا گەندەڵیان لێدەدات.

عەولەمەی دیموکراتیەتی هەوڵنادات، کە دەستەڵاتی رامیاری لە جیهاندا، بە ناوەند کات، لەو شێوازەی کە(ویڵسن) ڕێبازی دەزگایی بۆ داڕشتووە. گەرچی تا مرۆ، هێزی جیهانی بەو لایەنەدا لاسەنگە دەکەوێتەوە، لیبڕاله نێودەوڵاتیەکانیش لە هەوڵی بەردەوامدا کە ئەم هەلە بە یاسا بکەن.

لەوانەش زیاتر، عەولەمەی دیمۆکرتی ڕیالیزم پێشخستنە. عەولەمە ئەتوانێت، ڕیالیزمەکان فێرکات، کە دیمۆکراتیەت کۆتای مەبەستی نیە، بەڵکو ئامرازە بۆ گەیشتن بە مەبەست، چوونکە ئەمەریکا ناتوانێت دەستبەرداری بەرژەوەندیی خۆیبێت. ئاسانە لە هۆکەی تێبگەین. بەمیرات دیمۆکراتەکان لەگەڵ ئەمەریکادا زیاتر دۆستن، و کەمتر لەگەڵ دراوسێکانیندا شەڕدەکەن و زیاتریش لەگەڵ ئاشتیدا تەبان. ڕیالیستەکان

راستن لەوەدا کە دەڵێن: بۆ بەرژەوەندیی پاراستن، چاکە وایە، جار بەجارێك بەکوتەوە بە دەوری دونیادا بڕۆیت، و کوتەکێ بەسەر پیاو خڕاپاندا بدەیت. بەڵام ئەو تەکنیکە تا ڕادەیەك کاردەکات و سنووری زۆرکاری نابەزینێت، بۆ ئەوەی بەرهەمت هەبێت، دەبێ تۆ نەمامێك بنێژی کە بەر داربێت، شتێك بێت کە بنە بخاتەوە و توانای گەشەی کردنی هەبێت، ئەو شتەش جیهان بە دیموکراتی کردنە.

بەڵام لە کوێ؟ خەتەری عەولەمەی دیموکراتی لە جیهاندا، باوەشکردنەوەیە گشتیە بۆ مرۆڤ ئازادکردن. بەڵام دەبێت ئێمە فێربین بڵێن نا، وە بەڕاستی مەبەستمان نا بێت. کاتێك دەڵێ نا بۆ لایبیریا یان کونگو یان بوڕما یان ڕووبەڕوی هاوپەیمانیکی دەستەڵاداری وەك پاکستان دەبێنەوە، یان کە بە رووسە دەستەڵاتدارەکان دەگەین. ئا لەو کاتەدا، دەبێت هەڵوێستمان هەبێت. ئێستا ئێمە بە مونافیق تاوانبار دەکرێن، هەر بۆیە لەمڕو بەدواوە، دەبی لە هەموو جێگەیەکدا، لە بەها بنچینەیەکانی ئەمەریکا بە پاراوەیی بدوێن.

دەست لە کوێ وەردەین؟ بۆ کوێ دیموکراتی بەرین؟ لە کوێ هاریکاری ئەو نەتەوانە بکەین کە خەریکن دروستدەبن؟ من لێرەدا پێشنیاریکی بنچینەی ساکار دەکەم، کە بایاخی داهاتووی هەبێ.

ناوی دیموکراتی ڕیالیزمی لێنێ، ئەمە بەڵگەی ناوێت، لەهەموو شوێنێك دەبێت پشتگیری لە دیموکراتییەت بکەین، بەڵام تەنها لە شوێنێك قوربانی ئەدەین کە ستراتیژی مانای پێویست بگەیەنێت. شوینێك کە ناوەندە بێت، بۆ شەڕێکی گەورە دژی دوژمن، دوژمنێك کە مەترسی کوشندەی بۆ ئازادی جیهان دروستدەکات.

لەکوێوە دەژمێردری؟ پەنجا ساڵ بەری ئێستادا, حساب بۆ ئەڵمانیاو یابان کرا, بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەوکاتە ئەوان بۆ ئازادیی جیهانی مەترسیبوون, ئەوان ئەوسا چەقی ناوەندی فاشیەت بوون، بەتوانا وەرچەرخێنران و کاریان لەسەر کرا تا بوونە دەوڵەتی نەتەوەی و بەریان لە بەر فراوان بوونی سۆڤیەتی کۆمەنیستی گرت تا مرد.

ئەمڕۆ لەکوێوە دەستپێ بکەین؟ لە کوێوە تونگڕەوەکان بنکەیان هەیە. کاریگەر دیموکراتی پاراستن ئازادی و دوژمن تڕۆکردن دەست پێدەکات. بۆ ماوەی بیستوپێنج ساڵە، ئیسلامە ستەمکارەکان، دینین و عیلمانی هەڕەشە لە ئێمە دەکەن، لەگەڵ شۆڕشی خومەینی زیاتر دەست بەکارن.

دەبێت شارستانیەتێکی شەڕ نەخواز و هاوپەیمانی خۆرئاوا لە عێراق و ئەفغاندا بچەسپێت, تا لەگەڵ رۆژگاردا، دراوسێ سەرەکیەکانیان بەباری ئازادیبدا بگۆڕدرێن،

هەروەکو چون 1940 دا یابان و ئەڵمانیا وەرچرخان و کاریان لە دەورەکەیان کرد. دووبارە بوونەوە ئەو ئەزموونانە  لە کۆتایدا، دژ بە عارەبە توند رەوەکان دەجەنگێ و پارسەنگی ئازادی سەر دەخات.

بەڵێ، دەشێ ڕێگەیەکی درێژ کورتکەینەوە، ڕیالیستەکان لەخۆ ڕازیەکان، بە ئاگامان دەکەهێنەوە، کە ناکرێ کلتورێکی نەگونجاو بگۆڕدرێت، لەبەر ئەو گریمانەی کە دەڵێت: مرۆڤ ویستی سەربەستی هەیە.  دەشێ ئەوان لەمەڕ ئەو لێدوانەیاندا ڕاستبن، بەڵام چۆن لە پێشوەختدا، دەزانن، کە کلتوری کۆنفیوژن بەرهەڵستی دیموکراتیەت دەکات. ڕۆژگار هات و هەندی هەڵەی ئەو بۆچوونەی ئاشکرا کرد. لەسەرو ئەوانەشەوە،  لە کوێدا نوسراوە  کە عارەب ناتوانن  دیموکراتی پەسەندکەن؟

بەڵێ، چونە ژێرباریی ئەڵمانیا و یابانەوە، ئەرکێکی لەڕادەبەدەر گەورەو بەرزخواز و لووتبەرزنە بوو کە ئەمەریکا لە ئەستویگرت، گەرچی، لەوانەش بوو کە تیدا سەرکەرنەکەوین, بەڵام نەمانتوانی دەستبەرداریبن  و هەولی بۆ نەدەین. لە ئێستادا ستراتژی دیموکراتیی زیاتر نیە لەوەی کە دژی ئەو کارە دزێوە بێت  کەلەیانزەی سێپتەمبەردا ڕوویدا.  عوسمان بن لادە کیشەنیە، بەڵکو ئەو مەنجەڵە ڕامیاری و دینیە خەپەکراوەیە کە بەڕێوەبەرانی ئەو ڕژیمە عاربی و ئیسلامیان دەیپارێزن،  بۆیە تا ئەو بارە کومەڵایەتیانە لەو دوڵەتانەدا نەگۆڕدرێن، ئەمەریکا لە ژێر مەترسی ئەو بارنەدا دەمێنێتەوە.

کێشەی ئەمڕۆ کێشەی یەك پیاو نیە و بارو دوخ نیە، کە بە دوی پیاو کوژ بکەویە، هەروەك چۆن پۆلیسێك لە بەدوای چەتەیەکدا دەگەرێت، کە بیگرێت و هەڵیواسێت. ئێمە بۆ ماوەی بیست ساڵ هەولی وەستاندی کاری تێرۆریست دەدەین، لە ڕێی یاسا بەجێگەیاندنەوە، بەڵام سەرئەنجام یانزەی سێپتەمبەری لێکەوتەوە.  ئەمە جەنگە کە ئێمە ڕووبەڕوی بوینەتەوە، گەر بتوانین کارێکی چاکە کە گەوچە پیاوەکان بگرین، بەڵام لەوە چاکتر ئەوەیە کە ناوچەیەك داگیر کەین و  نەمامێك بچێنین.

## یانزەی سێپتەمبەری

ئێمە تاك جەمسەری دەستەڵاتین، دەبێ چی بکەین؟

له مانگی چواری 1900 دا، (داڤید هیلبێرت) له کۆنگرێسی بیرکارانی جیهاندا، ناوی بیستوسێ هاوکێشەی چارەنەکراوی هانیبوو، که میراتی سەدەی نۆزده بوو، بۆ سەدەی بیست بەجێمابوو، گەر بهاتایه، ئەو سەیری هاوکێشەی چارەسەرنەکراوی بەمیرات بە جێماوی، جیۆپۆلەتیکی سەدەی بیستی کردایە، یەك لەو هاوکێشانه، که زەقتر دەردەکەوت، له ناوەندی دەزگا ئەوروپییەکاندا ، راستبوونەوه و کوەتنی فاشیەتی ئەلمانی دەبوو.

بەهەمان شێوە, له سەدەی بیستوو یەکدا، ئێمه رووبەڕووی دوو هاوکێشەی جیۆپۆلەتیکی گەورە بووینەتەوه که پەیکولێ لەگەڵ سەردەمدا دەکەن. یەکیان، چین که بەردوەم نفوس و توانای گەشەدەکات، ئەوەی تریان ئەوروپییەکانه به عەکسەوه گەشەدەکات. گەر ئەم باره نەگۆڕە، له ئێستاوه بۆ داهاتوو، بەردەوام بێت، ئەوا دورنیه که سیستەمی جیهانی له ڕێژەنه دەردەکات. بەڵام ئەوه کێشەیه، هاوکێشەیەکه که منداڵەکانمان له داهاتوودا، رووبەڕوی دەبنەوه، پێش ئەوەی بەرنامه بۆ ئەوڕۆژه دانێن، دەبێ ئێمه ڕەگ و ڕیشەی بڕوا بەفەنابوونی عارەبی ئیسلامی که یانزەی سێپتەمبەر بەرهەم هێنا، چارەسەر بکەین.

یانزەی سێپتەمبەر هەست به بوونی کێشەیەکی تازه بوو، بەڵام لەگەڵ ڕاچڵەکین و دڵه ڕاوکێدا ڕوون بووه، کەهەر کیشەیەکی کونەو لەبەرگی تازەدا کاردەکات. یانزەی سێتەمبەر هەستکردبوو که مێژوویەکیتر له کاردایە، که هەوڵدانه بۆ مێژوو گەڕانەوه. سەدەی بیستەم مێژووی ئایدولۆژی توندرەوەکانو دووژمنانی ژیان بوو. ئەمرۆ جیهان لەو پێوانەیه دەرنەچووه. ساڵی 1990 لەمێژوو پشوودان بوو. پشووەیەك که لەئاشتی دەچوو، بەڵام یانزەی سێتەمبەر بانگی به بەخەبەر بوونەوه بوو.

یانزەی سێتەمبەر ئێمەی بۆ تازه بوونەوه ڕاچڵەکاند, تازەیی ئەوه نەبوو کەچی لەو رۆژدا ڕوویدا، بەڵکو تازەیی ئەوه بوو له26 دیسەمبەری1991 ڕوویدا. لەو رۆژەدا ، لەناکاو ئەمەریکا بەر پرسیار تاك جەمسەری دەستەڵاتی به باڵادا برا. ڕوودانیکی تیابەت بوو که سەدەی بیست لێی بێبەشبوو. پرسیارکە، ئێستا، لەوەدایه، چۆن سوود لەم باره وەرگرین؟ چۆن سوود له دەسەلاتی تاك جەمسەری هێز وەرگرین تا شەڕی کۆنو تازەی سەپێنراوی ڕێی لێبگرین ؟

تاك جەمسەری دەسەلات چی بکات؟

چوار قوتابخانه, چوار وەڵام.

دوورەوپەرێزەکان بە ڕوونی دەیانەوێ، تاك جەمسەری دەسەلاَت بەلادا بخەن. ئەوان دەڵێن پردی سەیار بەرزکەینەوەو بەرگری لەقەلاَی ئەمریکای بکەین. بە داخەوە لەمڕودا، قەلاَکە ئاوا ناپیارێزێ, دوای ئەوەی کە فرۆکەکان لە ناکاو شالاَویانکرد، تەنانەت خەواسەکانمان و ساروخەکانمان دەستەپاچەمانەوە و نەیانتوانی ڕۆڵی پردی فریا گوزاری بگێڕن. یازدەی سێپتەمبەر ئەو پردە بوو تەقاێنرایەوە.

قوتابخانەی لیبڕاڵە نێودەولەتیەکان حەز لە خەو دەکەن و خۆشیان بە تاك جەمسەردی دەستەلاَت نایەت، چونکە هەر هەولێکی تر لە دەرەوەی خەونەکانی ئەواندا بێت، بەکاری نامرۆڤایەتی لەقەڵەمیدەدەن. ئەوان دەیانەوێت ئەمەریکا دەستبەرداری دەسەلاَتبێت و لەگەڵ ڕێکخستنی جیهانیدا بگونجیت وەك هاولاتیەکی مالیکراو نەك کاریگەربێت.

ڕیالیستەکانیش هەن، ئەوان بۆچوونیان لەمەڕ تاك جەمسەری دەستەلاَت و پێشوەخت پەلاماردان ڕوونترە. بەلاَم ئەوانیش پێش بینین گۆران لە جیهاندا ناکەن و هەمووشتێکش هەروەك مەبەستە دەبینن، نەك هۆ، هەربۆیە ناتوان پەیامی ئەمڕۆی ئەمەریکا وەك خۆی پێناسەکەن.

قوتابخانە چوارهەم، عەولەمەی دیموکراتیەتە، کە لەم دەساڵە دوایدا، تەوژمی بە ڕامیاری دەرەوەی داوە، کە لە پێناوی بەها دیموکراتیەکاندات دەکۆشیت و هانی گەشەی ئازادی جیهان دەدات. هەدەفی ڕامیاری دەرەوەی ئەمەریکایەو بە بەڵگەوە ئاماژە بۆ ئەو هەوڵدانە دەدات. من پشتگیرم لەوە دەکەم و چەپلەش لێئەدەم و بڕواش دەکەم کە دەبێت ڕەوانبێژانە لە جێی و کاتی پێوستا لەسەر ئەو جۆرە کارانە بەردەوام بدوێن. عەولەمەی دیموکراتیەت، کاتێك، بەرەو دیموکراتی ڕیالیزم هەنگاون دەنێت، کە تەرکیز زیاتر لەهەدەف دەربرین و پیکاندنی بکات. ئێمە هاوڕیی گشت کەسێکین، بەلاَم لەوشوینانە بار دەخەین کە لەحسابدایە. لەمڕۆدا، بەدرێژای سەروی ئەفەریکا تا ئەفگان لە حسابی گۆڕاندایە.

لە مانگی دەی زایینی ساڵی 1962 قەیرانی ساروخەکانی کوبا لە ئاردابوو. لەوکاتانەدا، ئێمە لە قەراخی جەهەنم نزیك دەبووینەوە. ئێمەو دوژمنەکانمان لەرزمان لێهاتبوو. هەردوولاما خۆ ویستانە پاشاکشەمان کرد. لە یانزەی سێپتەمبەردا، ئێمە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی مردن و ژیاندا بووینەوە، بەلاَم ئەمجارەیان لەگەڵ دوژمنێکدا، کە پاشەکشە لە عەقلاَیدا نەبوو.

جیاوازی  له کوێدایه، کاتیك باس له ئێستاو ئەوسادا دەکەین. ئیستا لەبەردمی دوژمنێکی ناعەقڵیدا بێهواین، که لەدەرەوەی کۆنترۆلی خۆیوه بیردەکاتەوه. جیاوازی دووهەمیش له بەینی ئەوسا و ئێستادا ئەوەیه که لەمڕودا، بگره دەشێ بلێن بۆ هەتا هەتایه، له گۆڕەپانی دەستەلاتدا هیچ توانایەك  دژەهاوشان بەرامبەرمان بوونییه.

ئەم دیاردەیه له مێژوودا شازه، گەر بێتو دەستەلاتمان بەژیرانەو سنووردارانه بەکاربەرین، بەگوێرەی ئەو پەیامەی هەمانه. لەوکاتانەدا، هەم هاودەنگی ئازادی دەبین و هەم  ڕێ لەمردوو پەرستان دەگرین و دەتوانین مەبەسته به جێبگەینین، ویستیشمان لەگەڵ رۆژگاردا چاکتر بۆ دونیا  ڕووندەبێتەوه.

*نافتا، پەیامکی درێژخایەنی ئابوریه له بەینی کەندا، ولاتەکانی یەگرتووی ئەمەریکا و مەکسیکدا بەستراوه.